# داواکاری گشتی و داوای شارستانی



پارێزەری راوێژکار / حوسامەدین سەرداری

هەروا باوە کە داواکاری گشتی نوێنەری کۆمەڵگایە و هەوڵدەدات داکۆکی لەو کۆمەلگایە بکات، کە نوێنەرایەتی دەکات، ئەویش بە دوورخستنەوەی کۆمەڵگا لە داب و نەریتی نامۆ بە کۆمەلگاکە. ئەندامی داواکاری گشتی{کە پێشتر پێی دەوترا جێگری داواکاری گشتی}رۆلی تایبەتی هەیە و ئەندامە لە دادگای تاوانەکان و دادگای کەتن (کە بەبێ ئامادە بوونی لە دادگاکە دادگا ناتوانێت بڕیار سەبارەت بە کێشە سزاییەکان دەربکات) بەم ئامانجە کە داکۆکی لە ماف و بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگا و مافی گشتی دەکات، و چاودێری پیادەکردنی یاساکان بە شێوەیەکی راست و دروست دەکات، هەروەها هاوبەشە لەگەڵ دادوەرەکانی لێکۆڵینەوە لە پەسەند کردن و نەکردنی بڕیارەکانی دادوەر تایبەت بە کێشە سزاییەکان لە قۆناغی لێکۆڵینەوە، لە داوا شارستانییەکانیش رۆڵێکی بەرچاو دەگێڕێت لە پاراستن و بەهەدەر نەدانی سامانی حکومەت و داکۆکی کردن لە ماف و بەرژەوەندییەکانی. لە داواکانی تایبەت بە باری کەسی ، رۆڵی ئەندامانی داواکاری گشتی لە پاراستنی شیرازەی خێزان لە داواکانی تەڵاق و جیابوونەوەی دادگەری ، رۆڵێکی گرنگە. کە وابوو دەکرێ بووترێت بەشێوەیەکی گشتی ئەندامانی داواکاری گشتی پارێزەری کۆمەڵگایە و داکۆکی لە هەموو بەرژەوەندییەکانی دەکات. بەڵام بەپێی یاسا داواکاری گشتی پەیوەندی بە مافە کەسییەکانی تاکەکانی کۆمەڵگە نییە، چونکە تاکەکان دەتوانن خۆیان داکۆکی لە بەرژەوەندییەکانی خۆیان بکەن ، لە رێگەی خۆیان یان لە رێگەی پارێزەرە تایبەتییەکانیان.

دیارە دوای هەموار کردنی یاسای داواکاری گشتی، دەسەڵاتەکانیان بەرچاوتر بوون، هەروەها ناونیشانی {دادوەر}یان پێ بەخشرا (پیرۆزبایی یەکەیەکەیان دەکەم) لە هەمان کاتدا داواکارم درێخی نەکەن لە داکۆکیکردن لە مافە گشتییەکان و مافی کۆمەلگا و چاودێرییەکی پوخت و چوست و بوێر لە پیادە کردن و جێبەجێکردنی یاساکان بە یەکسانی لەسەر هەموو چین و توێژەکانی کۆمەلگا بە بێ جیاوازی و تۆمارکردنی سکاڵا لە دژی گەندەڵکاران بەبێ ترس، لە هەر